
www.kurdistannet.org
19-10-2006 8:45بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**دادگای تاوانبارکردنی نێودەوڵەتی هەمیشەیی و ئەو تاوانانەی کە لە سنوری دەستەڵاتیدان ... نووسینی: ریاز عەتار .. و. هیوا ناسیح**

کۆمەڵگای نێودەوڵەتی سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا کاتێ بڕیاری دامەزراندنی (دادگای تاوانبارکردنی نێودەوڵەتی هەمیشەیی) دا، ئەمەش لە کۆنگرەی نەتەوە یەککگرتووەکان دا بوو، کە لە ڕێکەوتی١٥/١٢/ ١٩٩٨ لە ڕۆما بەسترا و دەنگ لە سەر دامەزراندنی دادگاکە بە ڕێژەی ١٢٠ وڵات لە کۆی ١٦٠ وڵات درا و هەندێ لە وڵاتانیش وەک وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و عێراق و ئێران و ئیسرائیل و کوبا و چین و جەزائیر و یەمەن و قەتەر... هتد ناڕازی بوون بە بڕیارەکە.
کاتی پەیوەست بوون بەم دادگایەوە تا تشرینی یەکەمی ١٩٩٨ درێژەی هەبوو. بڕیار درا پاشان نەتەوە یەککگرتووەکان بەدواچوونی بۆ بکات تا ٣١ ی کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٠ ئینجا دەست بە جێبەجێکردنی سیستەمی بنچینەیی دادگاکە دەکرێت، پاش دوو مانگ لە ئەوەی ٦٠ وڵات پەسەندی دامەزراندنی دەکەن و دەیدەنە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، بارەگای دادگاش لە (لاهای) دەبێت و وا چاوەڕوان دەکرێت کە لە ساڵی ٢٠٠١ ەوە دەست بە کارەکانی بکات.



ئەو لایەنانەی وا چاوەڕوان دەکرێت کە بدرێن بەم دادگایە، سەددام حوسێن و یاریدەدەرەکانییەتی، بە تاوانی هەستان بە دوژمنکاری و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی لە کاتی جەنگی ئێراق ـ ئێران دا ساڵانی ١٩٨٠ ـ ١٩٨٨ وە بەکار هێنانی چەکی قەدەغە کراوی نێودەوڵەتی کیمیایی لە هەڵەبجە ساڵی ١٩٨٩ (ئەمە هەڵەیە و کارەساتی هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٨ دا رویدا ـ و ـ)، ئەوەی کە ڕێگریشە لە بەردەم ئەمەدا هەڵوێستی وڵاتانی روسیا و چین و فەرەنسایە.
وا چاوەڕوان دەکرێت کە کوێتیش سکاڵانامەیەک دژ بە ئێراق لە ڕێی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە پێشکەش بکات، بە تاوانی داگیرکردنی وڵاتێکی خاوەن سەروەری و داڕوخانی ژێرخانی ئابوری و بە تاڵانبردنی و دزینی سەروەت و سامانی گشتی و تایبەتی و ئەشکەنجەدان و ڕفاندن و کوشتنی هاووڵاتیانی.
یەکێک لە توێژەرەوە ڕامیارییەکان دەڵێت، لەوانەیە ئێرانیش سکاڵانامەیەک دژ بە لێپرسراوانی ئێراق، بە تاوانی هەڵگیرساندنی جەنگ لە گەڵیدا بەرزبکاتەوە، بەڵام توێژەرەوەیەکی تر دەڵێت، کە ئێران دوودڵە لە بەرزکردنەوەی ئەم جۆرە ساکاڵانامەیە، بە هۆی ترسانی لەوەی کە ئێراقیش ئەوان بە کوشتنی بە کۆمەڵ لە قۆناغەکانی سەرەتای شۆڕشی ئیسلامی ئێراندا، تاوانبار بکات.
بەندی پێنجەمی ئەم دادگایە، یەکەمێتی (اولیە) دەدات بە تاوانەکانی کوشتنی بە کۆمەڵ و کاری دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ و تاوانی پڕ مەترسی وا کە پەیوەستە بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، هەروەها دادگاکە چاو دەخشێنێت بە ژمارەیەکی زۆر لە تاوانی وەک ئەشکەنجەدان و کۆیلەکردن و تاوانی سێکسی وەک دەستدرێژی کردنی بە کۆمەڵ بۆ سەر ژنان هەر وەک کرایە سەر ژنان لە بۆسنیا و کرواتیا.
هەڵبەت ئەم دادگایە ڕووبەڕووی گرفتی زۆر دەبێتەوە وەک مەسەلەی جێبەجێکردن، چونکە دەکرێت، کە ئەو لێپرسراوانەی داواکراون بدرێنە دادگاکە، ڕازی نەبن یان دەستەڵاتداران ڕازی نەبن بە

دەسگیرکردنی ئەو کەسانە. جا لەم بارەدا چی رووددات؟! لەم رەوشەدا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ناچار دەبێت بە داسەپاندنی سزا لە سەر ژمارەیەکی زۆر لە ولاتان کە ئەمەش دەکاتە ئەوەی کە سەدان لە کەسان و لێپرسراوانی پێشوو لە دەست دادگا خۆیان شاردبێتەوە یان هەڵاتبن، ئەمەش واتا ناتوانن بۆ هەندەران سەفەر بکەن و ئەگەری دەستبەسەرداگرتنی سامان و دارایییانە لە هەندەران.

هەندێ لە لێکۆڵەرەوان وای بۆ دەچن، راستییەکەشی هەروایە، وا باشترە کە دەوڵەتان لە یاساکانیاندا برگەی وا دابنێن، کە دادگایی تاوانبارانی کاری دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ بکەن، بەمەش (دادگای تاوانبارانی نێودەوڵەتی هەمیشەیی) دوا وێستگە دەبێت بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکان، کە کەسەکان و کۆمەڵەکان پەنای بۆ دەبەن.

بەندی پانزەهەم لە یاسای بیچینەییدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، ئەو کێشانە پەسەند دەکرێت، کە ولاتان نایانەوێت یان ناتوانن لێکۆڵینەوەکەی بە ئەنجام بگەیەنن یان دادگایی تاوانبارەکان بکەن.

## ئەو تاوانانەی کە لە سنوری دەستەڵاتی دادگاکەدان

لە پێناو چەسپاندنی دادوەرییدا دادگای تاوانبارکردنی نێودەوڵەتی هەمیشەیی دامەزرا و پەیرەوە بنچینەییەکەشی لەگەڵ دەستەڵاتە قەزاییەکانی ناوخۆییدا یەکتری تەواو دەکەن، دادگاگەش لە پەیوەندیدایە بە سیستەمی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەستەڵاتێکی قەزایی دراوەتێ، لە پەیوەست بە ئەو تاوانانەی کە زۆر جێگای مەترسین و هەرەشە لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی گشتی دەکەن، دەستەڵاتەکەشی لە دادگاییکردنی ئەوکەسانەدا بەکاردەهێنێت، کە لێپرسراون بەرامبەر تاوانە سامناکەکانی وەک:

ا- تاوانی کوشتنی بەکۆمەڵ

ب- تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتیی

ج- تاوانەکانی جەنگ

وە دەکرێت ئەم دادگایە رۆڵی دەستەڵاتی قەزایی ببینێت لە پەیوەند بە تاوانی دەسدرێژیکردن بە پێی هەندێک رێ و شوێن. شتێکی بەکەڵکە بۆ خوێنەری بەرێز رون بکەینەوە، کە ئەم تاوانانە چی دەگرێتەوە:

+ تاوانی کوشتنی بەکۆمەڵ: هەر کارێک لەوانە دەگرێتەوە، کە ببێتە هۆی زیانگەیاندن یان لەناوبردنی کۆمەڵێکی نەتەوەیی، رەگەزی، ئاینی یان داسەپاندنی کاری وا کە ئامانج لێی قەدەغەکردنی لەدایکبوون بێت لە ناو کۆمەڵێکی دیاریکراودا یان ئازارپێگەیاندنی جەستەیی یان مەعنەوی مەترسیدار بۆ سەر تاکێکی کۆمەڵێک یان کوشتنی هەرتاکێک لێیان.

+ تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی: ئەم کارانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

هەستان بە هەر هێرشێکی فراوان یان سەربازی ئاراستەکراو دژ بە هەر گەلێکی سیڤیل، کە ببێتە هۆی کوشتن، لەناوبردن، دورخستنەوە، راگوێزانی زۆرەملێ بۆ زیندان یان بێبەشکردنێکی سەخت لە ئازادی جەستەیی و پێشێلکردنی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی یان چەوساندنەوەی کۆمەڵێکی دیاریکراو لە سەر بنچینەی رامیاری، رەگەزی، نەتەوەیی، نەژادی، رۆشەنبیری، ئاینی یان هەر کارێکی تری نامرۆڤانە وەک جیاکردنەوەی نەژادی و شاردنەوەی کەسان (بەندەکانی یەکەم و دووەم لە سەر کارەکانی رژێمی عێراق جێبەجێ دەکرێت) .

+ تاوانەکانی جەنگ: ئەمەش ئەو تاوانانە دەگرێتەوە، کە وەک بەشێک لە نەخشەی رامیاری یان بەشێک لە هەڵمەتی تاوان و لە سەر ئاستێکی فراوان کرابێت، ئەمانەش:

١/ پێشێلكردنی مەترسیداری ڕێكەوتنی ژنێڤی ساڵی ١٩٤٩، كە ئەمەش كوشتن و ئەشكەنجەدان و تەختكردنی تەواو و دەسبەسەراگرتنی سامان بە بێ هۆی سەربازی، جێبەجێكردنی بە شێوازێكی نارەوایانە، زۆرلێكردن لە دیلی جەنگ و یان هەر كەسێكی تر لە خزمەتدا و لە ریزی هێزەكانی دوژمندا یان بێبەشكردنێكی بە ئەنقەست هەروەها كۆچپێكردنی زۆرەملێ و گوستنەوە یان بەبارمتەگرتن و دەسبەسەراگرتنی نارەوا.

٢/ پێشێلكاری مەترسیداری تر بۆ یاسا و نەریتە باوە بەكارهێنراوەكان لە كاتی ململانێیە چەكدارییە نێودەوڵەتییەكان ولە چوارچێوەیەكی یاسای نێودەوڵەتی و بە تایبەتی ئەم كارانەی لای خوارەوە:

هەستان بە هێرش بە شێوەیەكی مەبەستدار دژ بە ئامانجە ناسەربازییەكان و هەروەها دژ بە كەسان و شتومەك و دەزگا و ئامێرەكان، كە یارمەتیدانی مرۆڤ لە ئەستۆ دەگرێت، كە بە پێی یاساكانی نەتەوە یەكگرتوەكان دەبێتە هۆی پاراستنی ئەركی ئاشتی. دەست درێژیكردن و بۆمبابارانكردنی شارەكان و خانو و ماڵ و ساختمانی سیڤیل، كە ئامانجە سەربازییەكان ناگرێتەوە، وەك و كوشتنی جەنگاوەر یان بریندارکردنی پاش خۆبەدەستەوەدانی و تێكروخانی ماڵ و سامانی دوژمن و دەسبەسەرگرتنی تالانكردنی و پێشێلكاری مەترسیدار بۆ كەسێتی و دەست درێژیكردنە سەر شەرەف و چەوساندنەوەی سێكسی و سەپاندنی لەشفرۆشی و نەزۆكی بە هێز و بەكارهێنانی برسیكردنی خەڵكی سیڤیل بە مەبەست وە بەسەربازیكردنی خەڵكی بە زۆر یان بە خۆشی (گوعی) بۆ لاوانی خوار پانزە ساڵ لە ریزەكانی هێزە چەكدارەكانی نیشتمان و پەنابرن بۆیان بۆ بەشداریكردنیان لە كردارە جەنگییەكاندا... هتد.

ئەمانە گرنگترین تاوانەكانی تایبەتبوون بە جەنگ، كەوا دادگای تاوانباركردنی نێودەوڵەتی بە هێندی دەگرێت وخۆ ئەگەر بێت و چاوێكی پیادا بخشێنین تێدەگەین كەوا زۆربەیان بەسەر كارە نارەوانكانی ڕژێمی ئێراق جێبەخێ دەبێت، كاتێك چەكی كیمیاوی دژ بە گەلەكەی بەكار دەهێنێت و سەدان و هەزارانیان بۆ ناوخۆ و دەرەوەی ئێراق لێ دوردەخاتەوە، سەركوتكردنی هاووڵاتیان بە شێوەیەكی درندانە و داگیركردنی دەوڵەتێكی عەرەبی دراوسێ و بە تالانبردنی سەروەت و سامانی و تێكدانی ژێرخانی و ئاگرتێبەردانی بیرەنەوتەكان و.. هتد.

## میكانیزمی كارەكان و دەستەڵاتی دادوەرەكان و داواكاری گشتی

دادگای تاوانباركردنی نێودەوڵەتی دەزگایەكی سەرەكییە لە دەزگاكانی نەتەوە یەكگرتووەكان و لە سەر بنچینەی پەیماننامەی ئەم ڕێكخراوە و لە پێناوی وەستانەوە بە روی ئەو تاوانانەی كە دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجام دەدرێن، پەیرەوە بنچینەییەكەشی لە ڕێككەوتننامە تێودەوڵەتییەكانی وەك ڕێكەوتنی نەهێشتنی تاوانی كوشتنی بەكۆمەڵ و ڕێكەوتنی جنێڤ وەرگیراوە، پێش لە سەر برگە مەرجییەكان (فقراتها الشرطیه) ی رەوایی دادگای (نۆرێنبرگ) و یاساكانی دادگای یۆگۆسلاڤیای پێشوو وە رواندا دادەگرێت، كەوا ئەو تاوانانە دەگرێتەوە كە لەم بابەتەدا باسكران.

ماددەكانی ١ ـ ٤ لە پەیرەوی بنچینەیی دادگاكەدا باس لە چۆێتی دامەزراندنی دادگاكە دەكات. بەڵام ماددەكانی ١٥ ـ ٢٠ چارەسەری هەل و مەرجەكانی كێشەكان و یاساكانی، كەوا دەكرێت دادگا جێبەجێی بكات و پەیوەستە بەو كێشانەی كە لەسەریان بەرزدەكرێنەوە، بەندەكانی ٨ و ٩ باس لەوە دەكات كە دەوڵەتان لەسەریانە كەوا ببنە لایەن لە پەسەندكردنی دەسەڵاتی دادگای قەزایی پەیوەست بە ئەو تاوانانەی كە ئەنجام دەدرێت، پاش ئەوەی كە پەیرەوی بنچینەیی دەست بەكاردەبێت و نمونەی ئەمە بابەتی كێشەیە لە نێوان وڵاتاندا چونكە هەندێ لە وڵاتان وایدەبینن كە شێوازی هەڵبژاردن (الاختیار) باشترە لەبەر ئەوەی لە گرنگییەتی پەسەندكردنی بە ڕەزامەندی و لە خۆیەوە (گوعی) بۆ دەستەڵاتی

دادگاکە زیاد دەکات و لەبەر ئەوەش کە هەندێ ولآتان رازین بە دەستەلآتی دادگا لە هەندێک تاواندا نەک هەمووی.
بەلآم رۆڵی ئەنجومەنی ئاسایش ئەمیش دیسان جێگەی کێشەیە، رایەک هەیە دەڵێت: دادگاکە ئەو کێشانە ناگرێتە خۆی کە هەر بارێک چارەسەر دەکات، بەلآم لە بارێکدا ئەنجومەنی ئاسایش هەستی کرد چارەسەری کێشەیەکی روبەرو دەبێتەوە کە لەگەڵ رۆڵە سەرەکییەکەیدا ناگونجێت ئەوا لەسەر ئەنجومەنی ئاسایشە کە نارەزایی خۆی دەرببرێت بۆ ئەوەی کە دادگاکە چارەسەری ئەو جۆرە کێشەیە نەکات.

## رۆڵی داواکاری گشتی

رۆڵی داواکاری گشتی لە بەندی دوانزەهەمدا دیاریکراوە، کە پێویستە لە دووباردا کاری پێ بکرێت:
١/ کاتێک ئەنجومەنی ئاسایش مەسەلەیەک هەواڵەی دادگا دەکات.
٢/ کاتێک یەکێک لەو ولآتانەی کەوا دەستەلآتی دادگاکەی پەسەندکردوە سکالآیەک بەرزدەکاتەوە.
هەندێ لە ولآتان داوایانکردوە کە میکانیزمی جێبەجیکردنی فراوان بکرێت بە مەبەستی بەخشینی برێکی زۆرتر لە سەربەخۆیی بە داواکاری گشتی، کەوا لە سەریەتی دەست بکات بە لێکۆڵینەوە لە سەر بنچینەی ئەو زانیاریانەی کە هەیەتی و لە سەرچاوەیەکی بێلایەنەوە دەدرێتە دەست ئەنجومەنی ئاسایش بۆ کێشەیەک یان سکالآی ولآتێک. لە مەرجەکانی ئەو کەسەی پایەی (داواکاری گشتی) وەردەگرێت: لایەنگر نەبێت وە ئەزمونی هەبێت لە یاسای تاوانکاریدا و خاوەن توانایەکی دیار بێت لە یاسای نێودەوڵەتیدا وە دەبێت دەزگای داواکاری گشتی بێلایەن بێت لە دادگاکە وە نابێت بە هیچ کارێکی وا هەستێ کە لەگەڵ ئەرکەکان و رۆڵیدا ناکۆک بێت.
ماددەکانی تری پەیرەوە بنچینەییەکە کە باس لە چۆنێتی پێکهاتنی دادگاکە و بەڵگەنامەکانی و مافەکانی تاوانباران و گومانلێکراوان و سزادان و تێهەڵچونەوە (استئناف) و قەرەبوکردنەوەی بەندکراوان و تاوانبارکردنیان بە هەڵە دەکات.
وە لە کۆتاییدا تاوانبارانی جەنگی وەک سەددام حوسێن و ستالین و پۆلپۆت وهی تر لە سەرۆکەکانی میلیشیا چەکدارەکان و لە ولآتانی جیهانی سێیەم وەک سۆماڵ و لوبنان توانیویانە لە دەستەلآتی قەزایی نێودەوڵەتی دەربچن، بەلآم ئەمانە لە داهاتودا رزگاریان نابێت، چونکە ئەم دادگایە چاو بەو تاوانانەدا دەخشێنێت کەوا بێ سزا تێدەپەرن. رێکەوتننامەی (دادگای تاوانبارکردنی نێودەوڵەتی هەمیشەیی) سەرکەوتنێکە بۆ کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی و رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی ( amnesty international )
کەوا سالآنێکە کار بۆ دامەزراندنی ئەم دادگایە دەکات.
مافپەروەرانی مرۆڤ لە سەرتاسەری جیهاندا بانگەواز دەکرێن، بۆ فشار خستنە سەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و بەتایبەت روسیا و چین و فەرەنسا و دەوڵەتانی تر لە ئەنجومەنی ئاسایش کەوا بە تەسلیم کردنی سەدام حوسێن و یاریدەدەرەکانی بۆ دادگاکە وە پێویستە لە سەر بانگەوازکراوان کە هاوکاری تەواوی رێکخراوی (ئیندایت) بکەن بۆ ئەم مەبەستە، بەتایبەت سەرۆکی ئەو رێکخراوە کە بە هەڵوێستە شەرەفمەندانەکانی ناسراوە، لە پشتگیریکردن لە کێشەی گەلی ئێراق و هەواڵەکردنی سەددام حوسێن و دارودەستەکەی بۆ دادگاکە.
سەرچاوە: المحکمە الجنائیە الدولیە الدائمە ولجرائم الداخلە فی نطاقها وإلیات عملها/
نشریە یوت الانسان/ نشریە دوریە تصدرها الجمعیە العراقیە لحقوق الانسان/ فرع سوریا، عدد ٢٠ سنە ٢٠٠٠

تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری (کوردستانی ئەمڕۆ) ژ ٨ ی ساڵی ٢٠٠٠ دا بڵاوکراوەتەوە کە لە ئەڵمانیا دەردەچێت. ئەوەی جێگەی سەرنجە ڕۆژگارێک نوسراوە، کە سەددام و داروەستەکەی هێشتا لە دەستەڵاتدا بوون و وتارەکەش لە چەند جێگە باس لە پەلکێشکردنی ئەوان بۆ بەردەم ئەم دادگا نێودەوڵەتییە دەکات. ئێستاش کە دادگاکردنی ئەو دەستەیە لە سەر تاوانەکانیان بەردەوامە و لێرە و لەوێش دەنگی ئەوە بەرز دەبێتەوە، کە لە دادگایەکی نێودەوڵەتیدا دادگایی بکرێن، بە پێویستم زانیت، بۆ زانیاری خوێنەران لە سەر ئەم دادگا نێودەوڵەتییە، جارێکی تر ئەم وتارە بڵاوبکەمەوە ـ و.

ڤینتەرتور ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٦